# سەردەمی گازی سرووشتی هەرزان کۆتایی پێهاتووە؟

14-08-2021

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە** : سەردەمی گازی سرووشتی هەرزان بەرەو کۆتایی دەڕوات و لەماوەی رابردوودا بەردەوامیی خواست بۆ گازی سرووشتی وایکردووە کە نرخەکەی روو لە بەرزبوونەوە بێت. لێرەدا دوو پرسیار دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە کە هۆکاری پشت بەرزبوونەوەی نرخی گازی سرووشتی چییە و، ئایا نرخەکەی لە ئێستا و داهاتوودا بەبەرزی دەمێنێتەوە؟

مەحموود بابان-ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو|

سەردەمی گازی سرووشتی هەرزان بەرەو کۆتایی دەڕوات و لەماوەی رابردوودا بەردەوامیی خواست بۆ گازی سرووشتی وایکردووە کە نرخەکەی روو لە بەرزبوونەوە بێت. لێرەدا دوو پرسیار دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە کە هۆکاری پشت بەرزبوونەوەی نرخی گازی سرووشتی چییە و، ئایا نرخەکەی لە ئێستا و داهاتوودا بەبەرزی دەمێنێتەوە؟

راپۆرت -1 سەردەمی گازی سرووشتی هەرزان کۆتایی پێهاتووە؟

**بەرایی**

لە جیهاندا گازی سرووشتی بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و گەرمکردنی ماڵان بەکاردەهێنرێت، لە دەیەی رابردوودا بەهۆی هەرزانی نرخەکەیەوە خواست لەسەر بەکارهێنانی لە تەواوی وڵاتانی جیهان لە هەڵکشاندا بووە. لەماوەی هەفتەی رابردوودا لە ئەورووپا و ئاسیا هاوردەکردنی گازی سرووشتی رێکۆردێکی نوێی تۆمارکرد، ئەوە سەرەڕای ئەوەی ئەمساڵ داوکاری زۆر لە دەرەوەی توانای دابینکردنەوە هەیە.

بەپێی دوایین راپۆرتی ئاماریی کۆمپانیای بی پی بەریتانی[1] بەناونیشانی پێداچوونەوەی بی پی بۆ ئاماری وزەی جیهان لە 2021دا کە لەمانگی تەمموز ئەمساڵدا بڵاوکراوەتەوە، لەماوەی دەیەی رابردوودا خواست و خستنەڕوو و، یەدەکی گازی سرووشتی لە جیهاندا روو لە بەرزبوونەوە بووە، بۆ نموونە یەدەکی گازی سرووشتی جیهان لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا بەرێژەی 37.89% زیادیکردووە، لەکاتێکدا لە ساڵی 2000دا 138 تریلۆن پێ سێجا یەدەکی گازی جیهان بووە، بەڵام لە ساڵی 2019دا بەرزبووەتەوە بۆ 190.3 تریلۆن پێ سێجا. ئەمەش دەریدەخات وەبەرهێنان و گەڕان بەدوای گازی سرووشتی زیادی کردووە. هەروەها، بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی لەنێوان 2009 و 2019دا بەرێژەی 3.1% زیادیکردووە، بەڵام خواست بەرێژەی 2.9% زیادیکردووە.

بەپێی راپۆرتیکی فاینەنشیاڵ تایمزی بەریتانی[2] نرخی گازی سرووشتی بە خێرایی لە ئەورووپا و ئاسیا روو لە بەرزبوونەوەیە بەهۆی کەمبوونەوەی دابینکردن لە دوو رووی سەرەکییەوە، کەمی قەبارەی بەرهەمهێنان لە ئەورووپا وکەمی هەناردەی رووسیا بۆ وڵاتانی بەکاربەر.

بەپێی راپۆرتی بازاڕی گازی چارەکی سێیەمی ئەمساڵی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی IEA "لە ساڵی 2021 بەرزبوونەوەی خواست بۆ گازی سرووشتی قۆناخی کەمبوونەوەی بەکارهێنانی ساڵی 2020 تێدەپەڕێنت و خواست بەرێژەی 3.6% ساڵانە زیاد دەکات، ئەویش بەهۆی ئاساییبوونەوەی چالاکییە ئابوورییەکان و گۆڕینی بەکارهێنانی سوتەمەنی لە خەڵۆزەوە بۆ گازی سرووشتی[3]".

بێگومان گازی سرووشتی تاکە سوتەمەنی بۆرسەکان کە پێشبینەدەکرێت لەم دەیەی ئێستادا گەشەی بەرچاو تۆمار بکات، هەروەهاش پێشبینەدەکرێت خواست تاوەکو ساڵی 2024 زیاد بکات و داواکاری گازی سرووشتی شلکراوە بە بەهێزی بمێنێتەوە، ساڵانەش بەرێژەی 3.4% تاوەکو ساڵی 2035 گەشەبکات. [4]

**هۆکاری پشت بەرزبوونەوەی نرخی گازی سرووشتی**

لەڕاستیدا، چەندین هۆکاری یەک لەدوای یەک لە پشت بەرزبوونەوەی نرخی گازی سرووشتییەوە، هەروەکو گوڕانکارییەکانی پشت بازاڕی بەرز و نزمی نەوت و گەرمای تاقەتپروکین لە وڵاتانی ئەورووپا و جیهان لە هاوینی ئەمساڵدا، بەڵام چوار خاڵی سەرەکی هۆکاری پشت بەرزبوونەوەی خواست بۆ گازی سرووشتی، یەکەمیان پچڕانی زنجیرەی دابینکردن، دووەمیان ئاساییبوونەوەی ئابووری جیهان، سێیەمیان کەمی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن لەرووی گازی سرووشتی شلکراوەLNG و چوارەمیان ئەو کۆدەنگییە گەشەسەندووەی جیهانە کە رووبەڕووی گوڕانکاریی پێکهاتەیی دەبێتەوە لە گواستنەوە و بەکارهێنانی جۆری وزەکاندا.

لەبەر کەمی بژاردەکانی دیکە، پێشبینەدەکرێت جیهان زیاتر پشت بەگازی سرووشتی ببەستێت لە ئەمڕۆ و دەیەی داهاتوودا، ئەویش بەهۆی بەدیهێنانی ئامانجە کورتخایەن و درێژخایەنەکانی رووبەڕووبوونەوەی گوڕانکارییەکانی کەشوهەوا و زیاتر پشت بەستن بە گازی پاککەرەوە، لە هەمان کاتیشدا وەک جێگرەوەیەک بۆ خەڵۆز دادەنرێت.

گازی سرووشتی پاکترین سووتەمەنی بەردین کە نزیکەی 50% کەمتر دووانەئۆکسیدی کاربۆن لە بەکارهێنان دەردەدات، هاوکاتیش وزە بەردەوامەکانی وەک با و خۆر ناتوانن ببنە  جێگرەوەی گازی سرووشتی لە قۆناخی گواستنەوەی وزەدا.

ئێستا بێگومان گازی سرووشتی و گازی سرووشتی شلکراوە LNG وەک پردی گواستنەوە بۆ وزەی پاک دەبینرێت بەهۆی کەمی دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن لە گازی سرووشتی بە بەراورد بە نەوت بە رێژەی 30% و بە بەراورد بە خەڵۆز بەرێژەی 45% لەرووی بەکارهێنانی جۆرەکانی وزەوە. هەروەها، ئێستا باشی پەیوەندی  وەبەرهێنەرانی ئەم سێکتەرە پیشەسازییە و حکومەتی وڵاتان بۆ وەبەرهێنان لە گازی سرووشتی وایکردووە وزەیەکی گران بەها لێر بمێنێتەوە، ئەویش بەهۆی پابەندبوون و پاراستنی کەشوهەوای وڵاتان و بەدیهێنانی رێککەوتنە جیاوازە نێودەوڵەتییەکان.

کریس ویفەر، سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای ماکرۆ راوێژکاری سنووردار لە مۆسکۆ لە لێدوانێکدا ئاماژە بەوەدەکات " گرنگ نییە ئێستا چۆن سەیری بازاڕی گازی سرووشتی دەکەین، چونکە گاز دەبێتە سوتەمەنی گواستنەوە بۆ دەیان ساڵی داهاتوو، هەروەها لەماوەیەکی کورتخایەن نرخی جێگیر دەبێت و لە ماوەیەکی درێژخایەن نرخی بەرز دەبێتەوە بەهۆی پابەندبوونی ئابوورییە گەورەکانی جیهان بە دەردانی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن".

ماوەی دە ساڵ پێش ئێستا ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی IEA رایگەیاندبوو[5] کە جیهان رەنگە بچێتە ناو (سەردەمی زێڕین) ی گەشەی داوکاری گازی سرووشتی بەهۆی فراوانبوونی مێژوویی دابینکردن و تێچووی کەمەوە، بێگومان لەماوەی دەیەی رابردوودا بەرێژەی 30% بەرزبوونەوە لە خواست بۆ گازی سرووشتیدا روویداوە.

بەپێی راپۆرتی ساڵانەی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی[6] پێشبینیدەکرێت تاوەکو ساڵی 2024 خواست بۆ گازی سرووشتی بەرێژەی 7% لە ئاستی پێش بڵاوبوونەوەی کۆڤید-19 زیادبکات، بەڵام ناوەندە جیهانییەکانی دیکە پێشبینی دەکەن بەرێژەی 3% بۆ 4% لەساڵیکدا گەشە بکات.

لە بازاڕەکانی جیهاندا  بەنرخی جیاواز بەرزبوونەوە لە نرخی گازی سرووشتی روویدا و  بۆ یەکەم جار لە ئەورووپا نرخی گازی سرووشتی بەرزبووە بۆ نزیکەیMMBtu/14  یاخود 40 ئیرۆ بۆ هەر مێگاوات کارەبا لە کاژێرێکدا، نرخی گازی سرووشتی بەریتانیا بەرزترین ئاستی لەماوەی 16 ساڵی رابردوودا تۆمار کرد و لە وڵاتانی ئاسیاش 15 دۆلار بەرزبووە.

بەرزبوونەوەی نرخی گازی سرووشتی بووەتە هۆی گرانبوونی نرخی کارەبا لە وڵاتانی هاوردەکاری گازی سرووشتی و گەرمبوونی بازاڕی گازی سرووشتی لە وڵاتانی بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری گازی سرووشتی. هەروەها، نەبوونی وەگەڕخستنی سەرمایەی وەبەرهێنان لەم سێکتەرەدا پێدەچێت دابینکردنی گازی سرووشتی بە ڤورسی بمێنێتەوە، چونکە وەبەرهێنان لە گازی سرووشتی درێژخایەن  و قازانجێکی کەمی کورتخایەنی هەیە، هەربۆیەش بە لەبەرچاوگرتنی فراوانبوونی پرۆژەی گازی قەتەر و پلانی سعودیە بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی گازی جوافرا لە سەرەتای ساڵی 2020وە چەند پرۆژەیەکی نوێ دابینکردن و  هەناردەی گازی سرووشتی شلکراوە کەوتووەتە ڤواری جێبەجێکردنەوە.

لە روویەکی دیکەوە، بە بێ وەبەرهێنانی نوێ لەم سێکتەرەدا ناتوانرێت ئەو خواستەی لەماوەی  ساڵانی داهاتوو دێتە ئاراوە پڕ بکرێتەوە، چونکە چاوەڕواندەکرێت خواست بۆ گازی سرووشتی لە ماوەی نێوان 2020 بۆ 2024  بە قەبارەی 350 ملیار مەتر سێجا زیادبکات،  بۆ نموونە بەکارهێنانی گازی سرووشتی شلکراوە لە ئاسیا کە بزوینەری داهاتووی گەشەی  داواکاری و بەکارهێنانی  گاز تاوەکو ساڵی 2035 نزیکەی 160 ملیۆن تۆن زیاد دەکات، لەکاتێکدا هەموو ساڵی رابردوو وڵاتانی ئاسیا 250 ملیۆن تۆن گازی سرووشتیان هاوردە کردووە.

**ئەنجام**

لەکۆتاییدا، پێشبینیدەکرێت بازاڕی خواست و خستنەڕوو تاوەکو ساڵی 2023 بەشێوەیەک بێت توانای خستنەڕوو نێوەی کەمتر بێت لە توانای خواست، بەواتایەکی دیکە توانای دابینکردنی گازی سرووشتی لە ساڵیکدا 12 ملیۆن تۆن بێت، لەکاتێکدا خواست لەسەر گازی سرووشتی لەساڵیکدا بگاتە 24 ملیۆن تۆن بێت و گواستنەوە لە وزە باوەکان بۆ وزە بەردەوامەکان لە نیوایاندا لە خەڵۆز و نەوتەوە بۆ گازی سرووشتی بە پلەی یەکەم وادەکات نرخی گازی سرووشتی بەردەوام روو لە بەرزبوونەوە بێت لە ئێستا و داهاتوودا.

سەرچاوەکان:

[1]

https://www.bp.com/content/dam/bp/business-sites/en/global/corporate/pdfs/energy-economics/statistical-review/bp-stats-review-2021-full-report.pdf

https://www.ft.com/content/d14ec1a3-12f0-484e-9246-d2a2ae9bc004 [2]

[3]
https://iea.blob.core.windows.net/assets/4fee1942-b380-43f8-bd86-671a742db18e/GasMarketReportQ32021_includingGas2021Analysisandforecastto2024.pdf

[4]
https://www.mckinsey.com/~/media/mckinsey/industries/oil%20and%20gas/our%20insights/global%20gas%20outlook%20to%202050/global-gas-outlook-2050-executive-summary.pdf

[5]
https://www.bloomberg.com/news/articles/2011-06-06/natural-gas-use-may-increase-50-percent-by-2035-in-golden-age-iea-says

https://iea.blob.core.windows.net/assets/555b268e-5dff-4471-ac1d-9d6bfc71a9dd/Gas_2020.pdf [6]